
# مووسا عەنتەر،
# ئەو پیاوەی دەوڵەتی تورک، لە فیکەکەی دەترسا

محەمەد عزەدین



مووسا عەنتەر، ڕۆژنامەڤان، سیاسەتمەدار، پارێزەر و نووسەر (١٩٢٠-١٩٩٢) کەسێکی دیاری باکووری کوردستان و تورکیای، سەت ساڵی ڕابردووە. بێ هیچ گومانێک ئاپێ مووسا، بە یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییەکانی سەدەی ڕابردووی کورد لە باکووری کوردستان دادەندرێت.

ئەو بە هەڵوێست و کار و کردەوە و نووسینەکانی، بۆ پارێزگاری لە گەلی کورد و زمانەکەی، بەرانبەر بە حکومەتە جیاوازەکانی تورکیا، زۆر تاڵ و تفتی چەشت؛ جگە لەوەی بەو هۆیەوە دەیان ساڵ کەوتووەتە زیندان؛ ئاپێ مووسا بێعەسا نەبوو، بەڵکوو ئەو بە پێنووسەکەی دەستی، وەک عەساکەی مووسا بەگژ نادادپەروەریدا دەچووەوە، تا ئەو کاتەی سەری خۆی لەم ڕێگایە دانا.

مووسا عەنتەر لە پەڕتووکی (بیرەوەرییەکانم)دا دەنووسێ "گەر سەرنج بدەن، لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەسەر هەمان ڕێچکەداین، بەڵام تاکە جیاوازیمان ئەوەیە، ئەو لە من بە بەختتر بوو؛ چونکە ئەو مردنەکەشی شەرافەتمەندانە بوو. بۆیە گەر منیش شانسم هەبێت و لە ڕێی خەڵکەکەم شەهید ببم، بۆ من زۆر گەورەیی‌یە. عەبدولڕەحمان ئەورۆ لەناو خەڵک وەک ئالایەکی سەرکەش دەشەکێتەوە، ئەی گەورەترین شەرەفیش هەر ئەوە نییە؟".

ئاپێ مووسا بۆیە ئاوا دەڵێ، چونکە خۆی عەبدولڕەحمان قاسملووی بۆ خوێندن ناردبووە فەرەنسا. جا مووسا عەنتەر لە پەڕتووکی (بیرەوەرییەکانم)دا بەو شێوەیە باس لە ناسینی عەبدولڕەحمان قاسملوو دەکات:

دوو برای کوردی ئێران لە ئیستانبوڵ دەیانخوێند، حوسێن قاسملوو لە بەشە ناوخۆییی زانکۆی تەکنیک دەماوە و هەر لەوێش دەیخوێند. ئەحمەد قاسملووش لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند و لای من دەمایەوە. پێم وابێ ساڵی ١٩٤٥ بوو، حوسێن لاوێکی ئێجگار قشت و زیرەکی هێنا لام و بەم شێوەیە پێی ناساندم: "کاک مووسا، ئەوەش عەبدولڕەحمانی برا بچووکمانە". عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەو ساڵە لە ئێران ئامادەیی تەواو کردبوو و هاتبوو تا لە زانکۆ بخوێنێ، گەنجێکی خوێنگەرمی زۆر تایبەت بوو، یەک پارچە دۆستایەتی و کۆمەڵایەتی بوونی لێ دەتکا، بەڵام دوو برا گەورەکەی ئاوا نەبوون. لەوەش زیاتر، زۆر حەزی لە هونەر و ئەدەبییات بوو، بەڵام حەزی دەکرد کۆمەڵناسی بخوێنێت. ناویم لە بەشی کۆمەڵناسی تۆمارکرد، لە بەشە ناوخۆییەکەی منیش دەماوە. نەک تەنیا لە بەشە ناوخۆیی، بەڵکو لە دوای وانەکانی زانکۆش لێم جیا نەدەبووەوە، ئەو بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا و دەتلاوە. لە هەموو دەرفەتێکدا دەیگوت دەمەوێ بچمە ئەورووپا.

ئەوسا، لە ماڵی دادە مەزیەت بەدرخان لە شیشلی، هەموو یەکەم هەینیی مانگێکی تازە، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کامەران بەدرخان قسەمان دەکرد. ڕۆژێک حەز و تواناکانی ئەو گەنجەم بە کامەران گوت، ئەویش ئاوا وەڵامی دامەوە: "بۆ نا، کوڕم بینێرە، من بورسێکی خوێندنی لێرە بۆ دابین دەکەم". دواتر کە موژدەکەم بە عەبدولڕەحمان دا، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام پێم گوت: "عەبدولڕەحمان بۆ ئەو کارە یەک مەرجم هەیە، ئەویش دەبێ براکانت ڕازی ببن". وەک با، هەر ئەو ئێوارە هەردوو براکانی هێنایە

لام، براکانـــی گوتیان ئێمە ڕازین، بەڵام پارەمـــان نییـــە و دەبـــێ نامەیەک بۆ ئێـــران بنووســـین و داوای پارەیان لێ بکەین، ئینجـــا دواتر دەینێرین، منیش پێم گوتـــن: "داوای پارەتان لێناکەم و من پێویســـتییەکانی بۆ دابین دەکەم، گەر بـــرای ئێوە بێت، برای منیشـــە". عەبدولڕەحمـــان لـــە ماوەیەکی کەمدا ناوتۆمارکردنەکەی زانکۆی لە ئیستانبوڵ ڕەش کـــردەوە و ڕێـــکارە فەرمییەکانی ئامـــادە کـــرد و لە گاری ســـیرکەجی سواری شـــەمەندەفەرمان کرد و بەرەو پاریس بەڕێمان کرد. ئەوسا تازە شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو.

عەبدولڕەحمـــان پـــاش ئـــەوەی چـــووە پاریس، پەیوەندییە زانســـتی و سیاســـییەکانی لەگەڵ مـــن نەپچڕاند، لەوێ بەردەوام ســـەبارەت بـــە زانکۆ و زانســـت و بابەتی ئاشتی و پەڕتووکخانە و هەر بابەتێک کە بەلای منەوە گرنگ بـــا، نامەی بـــۆ دەنووســـیم و دەینارد. کاک کامەران زۆر پێی سەرســـام بوو، عەبدولڕەحمانیش ڕێـــز و حورمەتێکی زۆری بـــۆ کاک کامـــەران و خێزانـــە پۆلۆنییەکـــەی هەبـــوو. کاک کامەران ئـــەوی وەک منداڵێکی خـــۆی دادەنا و شانازیی پێوە دەکرد، لەبەر ئەوەی خاڵی خێزانەکەم بـــوو، بۆیە بـــەردەوام پێی دەگوتم خوارزا. ڕۆژێک، کە بە تەلەفۆن قســـەمان دەکرد گوتی: "کورم خەمبار بووم بەوەی کە منداڵمان نابێ، بەڵام تۆ و عەبدولڕەحمان ئەو بۆشـــاییەتان بۆ پڕ کردمەوە، ئێســـتا زۆر بەختیارم، گەر بمرم بە ئارامی چاوان لێک دەنێم".

جا من نازانم بڵێم دڵخۆشـــم بەوەی ئاپێ مووســـا ماوەیەک دواتر شـــەهید دەبـــێ و ئاواتەکەی دێتـــە دی، یانیش خەفەتبـــارم بـــەو تاوانە ترســـنۆکانەی بەرانبەر بە جوامێرێکمان کرا ؟ چونکە تا ئێستاش قسە لەســـەر ئەوە دەکرێ کـــێ و کێ مووســـا عەنتەریان چۆن و بۆچی شەهید کرد؟ بەڵام هیچ گومانی تێـــدا نییـــە، گرووپێک گـــەر دان بە بوونیشی نەنرێت، بەناوی ژیتەم، پیلانی کوشتنیان دارشت.

## چۆنیەتیی شـــەهیدکردنی مووسا عەنتەر

ئێوارەیەکـــی درەنگـــی بیســـتەمین ڕۆژی مانگـــی نـــۆی ســـاڵی ١٩٩٢ لە دیاربەکر، مووســـا عەنتـــەر، لە یەکێک لە میوانخانەکانی ئەو شـــارە؛ چاوەڕوانە تا بچێ مەســـەڵەتی لەنێوان دوو لایەن بکات. ئەو کەســـەی چاوەڕێی دەکا، بە تاکســـییەک هەڵیدەگرێ و دەیانبات بۆ ئەو ماڵەی بڕیار بوو ئاشـــتەواییەکەی لێبکـــرێ. شـــۆفێرەکە ســـەرەتا ڕێـــگا دەگـــۆڕێ، بەڵام دووبـــارە دەگەڕێتەوە ناوچەی ســـەیران تەپە. لـــە کۆڵانێک دێنە خـــوار و بەپێ دەکەونـــە ڕێ، بۆ دۆزینەوەی ناونیشـــانەکە. ئەو کەسەی دەیانباتە مەسرەتییەکە، ماڵی ئەو کەسە لە دووکاندارێکی ئەوێ دەپرسێ، بەڵام پێـــی دەڵێن "هیچ کەســـێک بەو ناوە ماڵی لێرە نییە". بکوژ بە بیســـتنی ئەم هەواڵە شـــپرزە دەبێ، چونکە دوای ئەو بەرسڤە، مووسا عەنتەر کە لەبەر تەمەن زۆر بە هێواشی لە دواوەی دەڕوا و پێی دەڵێ " تۆ خۆشت نازانی دەچیتە کوێ ". لـــەو کاتەدا لـــە کوچەیەکی تاریک، حەمیدی بکوژ ڕووی دەســـووڕێنێ و بە چەند فیشەکێک مووسا عەنتەر شەهید دەکات.

شـــەهیدکردنی ئاپێ مووسا لە دڵی یاشار کەمال دەبێتە کەسەرێک و ناتوانێ باوەڕی پێ بکات، بۆیە لەوبارەیەوە دەڵێ

"هیچ کوردێکی هێمن و لەسەرەخۆم وەک مووسا عەنتەر نەبینی. بۆیە ناتوانم لە دەوڵەتی بکوژەکەی خۆش بم". یاشار کەمال ناحەق نییە، چونکە، کاتێک بەشێک لە هێزەکانی ئاسایشی تورکیا دەچنە سەر تەرمەکەی، لەنێوان خۆیان دەڵێن "باشترین کورد، کوردێکی مردووە".

ساڵی ۲۰۲۱ ڕێک ۲۹ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕێت، کە بەرانبەر بە کەڵە نووسەرێکی کورد کرا، کەچی تا ئێستا بکەرانی نەدراونەتە دادگا و دۆسیەکەی هێشتاش هەر بە کراوەیی و بەبێ ئەنجام لە دادگاکانی تورکیا ماوەتەوە. بەڵام داخی گران ئەوەیە، گەر لە ماوەی ساڵێکدا دۆسیەکە یەکلایی نەکرێتەوە، بەهۆی تەواو بوونی کاتی یاسایی، بۆ هەتاهەتایە دۆسیەکەی دادەخرێت و دەخرێتە نێو ڕیزی ڕەفە تاریکەکان؛ لە پاڵ سەدان فایلی دیکەی بکوژانی بکەر نادیار لە تورکیا.

مووسا عەنتەر، بە درێژاییی کاروانی ژیانی، لەگەڵ چەندان کەسایەتی وەکوو شێخ سەعیدی کوردی، ئیسماعیل بێشکچی، عەبدولڕەحمان قاسملوو، کامەران بەدرخان، جگەر خوێن، یاشار کەمال، عەزیز نەسین، دایکی عەبدوڵا ئۆجەلان، مەدام میتران، یڵماز گۆنایی، نووری سەعید پاشا و یاشار کایا، لەسەر چەندین مژاری جیاوازی کوردستان و تورکیا بیرەوەریی تایبەتی هەبووە؛ بەڵام زۆربەی سەرگوزەشتەی ژیانی لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری تورکیا تا شەهیدکردنی، هەر سەبارەت بە کورد و کوردستان بووە. بۆیە وتە ناودارەکەشی هەر سەبارەت بە کوردستانە کە دەڵێ "گەر زمانەکەم مەترسی بێت، بۆسەر پایەکانی دەوڵەتەکەت؛ کەواتە وڵاتەکەت لەسەر خاکەکەی من بنیات ناوە".

## بۆچوونی بێشکچی دەربارەی مووسا عەنتەرەوە

یەکێک لە پەڕتووکە گرنگەکانی مووسا عەنتەر، کتێبی (بیرەوەرییەکانم)یەتی. ئەم پەڕتووکە بە تورکی کاتی خۆی لە باکووری کوردستان و تورکیا بڵاو کراوە و تا ئێستا چوار جار چاپ کراوەتەوە. دوای هەوڵێکی زۆری کارکردن، منیش توانیم پەڕتووکەکە لە تورکییەوە بکەمە کوردی. خۆشبەختانە تا ئێستا دوو جار چاپ کراوەتەوە و خوێنەران زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکردووە.

پەڕتووکەکەی ئاپێ مووسا لە دوو بەرگ پێک دێت، بەڵام من هەردووکیم لە دووتوێی بەرگێکدا کۆ کردووەتەوە. بە هەردوو بەرگیش لە حەفت بەشی جیاواز پێک هاتووە. لە پاڵ ئەوەش چەندان وێنەی مووسا عەنتەریش لە کۆتاییی چاپی دووەم داندراوە. جا هەر لەسەر ئەو پەڕتووکە، ئیسماعیل بێشکچی گەورە کۆمەڵناسی تورکی دۆستی مووسا عەنتەر، لەبارەی پەڕتووکەکە و ئاپێ مووسای دۆستییەوە، لە پێشەکیی پەڕتووکەکەدا، دەڵێ:

*"مووسا عەنتەر لە سەردەمێکدا ژیا، نکۆڵی لە بوونی کورد و زمانەکەی دەکرا. لەنێوان ساڵانی (۱۹۲۰-۱۹۹۲)دا ژیا، لە سەردەمێکی تژی لە هەوڵ و کاری تواندنەوەی کوردان لە قاڵبی تورکبوون و شوێنبزرکردنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی زمانی تورکیدا. بۆ*

*جێبەجێکردنی هەر بیرۆکەیەکی لەو شێوەیەش، کە خزمەتی ئەو بەرنامە و زێهنییەتەی کردبا، پلانی زۆر ورد دادەنرا و پرۆگرامی بۆ دادەڕێژرا، ئینجا دەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار و لە سەردەمی سیاسەتی تاک پارتایەتی لە تورکیا، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٣ – ١٩٤٥)دا، بە شێوەیەکی چڕوپڕ بڕیاری لەبارەوە درا و ئەو بیرۆکانە ئامادە دەکران و کاریان لەسەر دەکرا و دەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە. پاش ساڵی ١٩٤٥، دوای هاتنەپێشی قۆناغێکی تازە لە ڕێڕەوی سیاسیی تورکیا و دروستبوونی پارتی تازە و کۆتاییهاتنی تاک پارتایەتی، لە سەردەمی پارتی دیموکراتیش لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠ – ١٩٦٠)دا، ئەو پیلانی دژ بە کوردە بەردەوامیی پێ درا.*

کودەتای سەربازیی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق، لە مێژووی کورد و کوردستاندا بووە خاڵێکی وەرچەرخان. گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی بۆ بەغدا و بەیاساییکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداریی کورد لە کابینەی تازەی حکومەتی عێراق، ئومێدێکی زیاتری دابووە گەلی کورد. لەو سەروبەندەش، لە دیاربەکر، ڕۆژنامەی (ئیلەری یورد) دەستی بە چاپ و بڵاوکردنەوە کرد. مووسا عەنتەر یەکێک بوو لە نووسەرەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، خاوەنەکەشی عەبدولڕەحمان ئەفەم دۆڵاک بوو. پارێزەر جانیب یڵدرم[1]، هەر لەم ڕۆژنامەیە، بەڕێوەبەری نووسین بوو. جگە لەوانە، لە هەمان قۆناغدا، مووسا عەنتەر دوو پەڕتووکی بە ناوەکانی (بڕینا ڕەش) و (کمڵ) بڵاو کردبووەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیاکان پەیدا کردبوو. سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست، مووسا عەنتەر و دکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک تووشی دەمەقاڵێیەک دەبن و ناخۆشییان دەکەوێتە نێوان. ئەو ساڵە مووسا عەنتەر لە گۆڤاری (بارش دونیاسی) دەینووسی و دکتۆر سەعید قرمزی تۆپراکیش لە هەفتەنامەی (یۆن) نووسینەکانی بڵاو دەکردنەوە. یۆن، ساڵی ١٩٦١ بە هزری چەپڕەوی دەستی بە کار کردبوو، خاوەنەکەی دۆغان ئاقجی ئۆغڵوو بوو. هەرچی گۆڤاری (بارش دونیاسی) بوو، گۆڤارێکی لیبراڵ بوو، ئەویش لەلایەن ئەحمەد حەمدی بەشار بڵاو دەکرایەوە و ساڵی ١٩٦٢ دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو، بەڵام ئەو گۆڤارە لە نزیکەوە کاری لەسەر کێشەی ناوچە کوردییەکانی ناو سنووری تورکیا دەکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ١٩٥٩ دۆسیەی ٤٩ کەسەکەی پەیوەست بە ڕۆژنامەی (ئیلەری یورد) کرابووەوە و مووسا عەنتەر و جانیب یڵدرم و عەبدولڕەحمان ئەفەم، سێ کەس بوون لەناو ئەو ٤٩ کەسەی لە زیندان بوون.

دادگاییکردنی ساڵی ١٩٦٣ی مووسا عەنتەر لە دۆسیەی ٢٣ کەسەکە، بە تەواوی وردەکارییەکانی ناویەوە، لەو پەڕتووکەی بەردەستتان بە ناوی (بیرەوەرییەکانم) دەخوێننەوە. خۆشم لە ساڵی ١٩٧١ نزیکەی دوو ساڵ لە دیاربەکر و سێرت، لە بەڕێوەبەرایەتیی فەرماندەیی دۆخی نائاساییی سەربازی لەگەڵ کاک مووسا لە زیندان بەیەکەوە




بووین. ئەو برا گەورەیەکی خاس و دڵفراوان بوو. بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا هاوکاریی برادەرە گەنجەکانمان بکات. جگە لەوەی لەگەڵ کاک مووسا لە ساڵی ١٩٩٠ لە دامەزراندنی ناوەندی فەرهەنگیی میزۆپۆتامیا لە ئیستانبوڵیش ماوەیەکی باش پێکەوە کارمان کرد. بە بۆچوونی منیش، گەورەترین دەستکەوت و ڕووداوی قۆناغی ئەوسا، دروستکردنی ئەنیستیتوتی کوردی لە ئیستانبوڵ بوو ، کە لە ١٨ی نیسانی ١٩٩٢ کرایەوە. لە پێنگاڤی دروستکردن و دامەزراندن و کردنەوەی ئەنیستیتوتی کوردیش لە ئیستانبوڵ لەگەڵ مووسا عەنتەر بەردەوام کارمان دەکرد؛ لەبیرمە تا ڕۆژی کردنەوەشی مووسا عەنتەر زۆر بە چڕی شۆلی دەکرد و زۆری خۆ پێوە ماندوو دەکرد.

پەڕتووکی (بیرەوەرییەکانم) کارێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخی مووسا عەنتەرە؛ چونکە لە ڕێگەی ئەو پەڕتووکەوە، نووسەر بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی مێژووی نوێی کوردستان ڕووناک دەکاتەوە. ئاخر ئەو شاهێدی زۆر ڕووداوی کوردستان و تورکیایە کە لەو پەڕتووکەدا دەیخوێننەوە. بۆیە، ماندووبوونی کردنە کوردیی ئەو پەڕتووکەش بۆ شێوەزاری سۆرانی لەلایەن محەمەد عزەدینی دۆستمانەوە، شایەنی ڕێزگرتنە و، منیش لە ناخی دڵمەوە، بۆ ئەم کارەیان سپاسیان دەکەم.

### پەراوێز

١. جانیب یڵدرم (١٩٢٥-٢٠١٥) سیاسەتمەدار و پارێزەری کورد، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی باکووری کوردستان کە گەواهیدەری زۆر ڕووداوی مێژوویی و دیاری ناو خەباتی بزووتنەوەی کوردییە لە باکووری کوردستان و تورکیا.